
# کاتێك ئێمەو هونەر هەبوین رێكخراوە هونەرییەكانی ئێستا بوونیان نەبووە!!

دیدارێك لەگەڵ شانۆكار ئازاد جەلال

**دیداری كامەران سوبحان**
kameransubhan@yahoo.com



هەرچەندە ماوەی ئەم دیدارە زۆری كێشا تا ئەو رازی بوو دیدار بكات، چونكە خۆی لەنامەیەكدا بۆی نوسیوم كەئەو حەزی لەچاوپێكەوتن نییە بەڵام دواجار رازی بوو دیدارێك بۆ چاودێر ساز بكەین، ئازاد جەلال ئێمە زۆربــەمان وەك ئەكتــەرێكی بــەتواناو مامۆســتایەكی فــرە زانیــاری ناسیومانە، بەڵام بۆ ئەم دیدارە من ئەوەشم هەست پێكرد كەئـەو زۆر مولتەزیمــە بــۆ نوســین‌و قــسەكردن، چــونكە چــەندین جـار پاكنوسـی قسەكانی خۆی كرد، تەنها لەبەرئەوەی ئەو قسانەی مەبەسـتو قـوڵایی زیاتریان هەبێت، هیوادارم هەندێ رستەی نێو ئەم دیدارە زەنگێك بێـت زۆر كـەس بـەئاگا بێنێتــەوە، بەتایبــەتی ئەوانـەی دەیانــەوێت هونــەرو جوانی لەبرەودا بێت ! !.

*: لەگەڵ ئەوەی تۆ یـەكێك بوویـت لەئەكتـەرە دیارەكـانی بزوتنــەوەی شانۆی كوردی، بەڵام ماوەیەكی زۆرە لەسەر شانۆو تەلەفزیۆندا ونیـت، هۆكاری ئەم ونیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ هەست ناكەیت دیار نەبوون زیان بەئەزمونی هونەریت دەگەیەنێت؟

ئازاد جەلال: ون بوون‌و دیارنەبون دەیان‌و سەدان جار باشترو جـوانترە لەدەركـەوتن لەئاسـتێكی نەویـستراودا.. لەكەشـێكی نالەبارو لەگۆڕەپانێكی پەرتو بڵاودا.. گەر ون بوون‌و دەرنەكەوتن زیـان بەئـەزموونی هونـەریم بگەیـەنێ! ئـەی دەركـەوتنم لەبەرهەمێك دا كەویستگە هونەریەكانم پلەیـەك بـەرزتر نەكاتـەوە.. لەسـەروو بەرهــەمی رابوردوومـدا نـەبێ یـان هـیچ نـەبێ لەئاستی رابووردوومدا كەمێك باڵا تر نەبێ زیان بەسەرتاپای هونەریم ناگەیەنێ؟ ئەمە لەكاتێكدا خۆم بمەوێ ئەسپی خۆم تاو بدەم.. بەڵام حەز ئەكەم بڵێیت دیارنەبوون.. نەك ون بوون چونكە ئەوەتا هـەمو لەبەرچـاوم‌و دیـارم‌و چـالاكیە شـانۆییەكان ئەوەندەی ئاگاداریان بم بەسەریان دەكەمەوەو لەبوارەكـەدا ماومەتــەوە.. ئـیتر چ بەخوێندنـەوەو چ بـەبینین‌و موتابەعـەو چ بەتێكەڵ بوون‌و دۆستایەتیم لەگەڵ بەشێكی چالاك‌و زیندووی هونەرمەنداندا، مەبەستم ئەو كەسانەن، بەتایبەتی لاوەكانیان، كەئەوەندەی بۆمان بلوێ قسەو باس ئەگۆڕینەوە.. پێم وایە گەر لەرۆژێكدا، یان لەهەفتەیەكدا، چەند دەقیقەیـەكیش كـەزۆر كەمە، لەنزیكەوە باس لەشانۆو هونەر بكەین زۆر لەوە چاكترو باشترە كەهەرگیز توخنی نەكەوین.

جا دەرنەكەوتنم جگە لەبۆچوون‌و سەرنجم لەسەر چۆنیەتی بەرهەمەكە كەئارەزووی شێوازو ستایلێك ئەكەم لەگـەڵ بـوونی‌و تێڕوانینی هونەری خۆمدا بگونجێ‌و زەمینەی هەبێ.. رێزی ئینسان‌و پەیوەندییەكانی تێدا بێ من نـاتوانم لەبەرهەمێكـدا كـار بكەم كەنەزانم چی بە بینەرەكەم دەبەخشێ.

یا ناتوانم بارگاویان بكەم بەمیتۆدێك رەگی نەبێ.. حەزم لەلاسایی كردنەوەی هونەری دەرەوەی سنوری تێگەیشتنی خۆم و بینەرەكەم ناكەم‌و ناشمەوێ لەئاستێكیشدا بمێنێتەوە.. پێم سەیرە لەكاتێكدا ئینسان بم كەچی دژی ئینـسانیش بم.. ئـەوە

تــەنها لەکاتێکـدا ئــەبێ کەهـــەرگیز نرخــی خــۆمو جوانیـــەکانو مرۆڤایــەتیو مرۆڤــەکانی دەوروبـــەرم لانــەبێو رابــوردوم بیرچووبێتەوە.

رابووردوو بەهەموو تاڵیو سوێرییەکانیەوە، من وا نازانم کەئەم سەردەمە هەر ئاوا بووە وەکو ئێستا لەبیرمە.. رۆژگاری خەمو ئازارو دەردە سەرییەکانم بیرە..

بۆیە ناتوانم نە منەت بەسەر بینەردا بکەمو لەخوار بیرکردنەوەی خۆشمەوە دایان بنێم.. من ئاوا ئارەزووی کارکردن ئەکەمو دڵنیاشم لەبرسا نامرم(!!).

لەلایەکی تریشەوە. لەبەرهەمەکانی تردا، کەئێستا دراماو زنجیرەی تەلەفزیۆنی رەواجی هەیە هۆی دیارنەبوونم دەگەڕێتــەوە بۆ یەکدوانێك لەو بەرێزانەی منیان لەبیر نیە یان نایانەوێ بەسەرم بکەنەوە. من ناتوانم کەسێك بەهونەرمەنـد ناوزەنـد بکـەم کەلەخۆی زیاتر کەسی تری بەدڵ نیــە، یــان ئەگــەر بەرژەوەنـدی لەگــەڵ کەسـێکدا نــەبوو ئـیتر بەهونەرمەنـدی نـەزانێو بـیر لەکارکردن نەکاتەوە لەگەڵیدا. بۆ نمونە لەبەرهەمێکی تەلەفزیۆنیدا دەرهێنەرەکە زۆر قسەی لەگەڵ کردمو چەندین تێبینیشم دایەو بەجدی حەزم ئەکرد هاوکاری بکەم، بەڵام کاتێ بەرژەوەندی خۆی لەق بوو، منیش لـەو شـوێنە نـەمام، بـەبێ ئـەوەی پرسم پێ بکاتو ئاگادارم بکاتەوە دەورە کەمی دابووە برادەرێکـی تـرو پیرۆزیـشی بـێ.. مـن ئـەو هەڵوێـستەم زۆر ئاسـایی وەرگرت بەڵام هەرچیەك سەبارەت بەهونەرو رۆحی ڕیازیو ئیلتزام بڵـێ مـن بـاوەڕی پـێ ناکـەم.. یەکـدوو نمونـەی تـریش.. بەهەرحاڵ کێشەی هەندێ لەو کەسانەی لەهونەردا کار ئەکەن دڵنیان.. دڵنیان لەهونەرەکەیان لەبیروبۆچوونیان لەنووسینیان لەنواندنو دەرهێنانیانو وا ئەزانن خۆیان لەسەری سەرەوەنو ئەوانی تر بەنەزان دەزانن..

دڵنیا بوون رۆحی تازە بوونەوەو گەڕانو پێشکەوتن لاواز ئەکات.. رۆحی مامۆستایەتی لەخۆبایی بـوون گەشـە پـێ ئـەکاتو ئارەزووی گەڕانو پشکنین ئەکوژێ، ئەوانە نەفامو نەزانو گوناهیشن.

کەدیار نیم، دەرگایان لەسەر داخستووم، چ خۆیان و چ کەسێکی تر لەپشتەوەیانو ئومێدەوارم بەهەڵـەدا چـووبم.. مەسـیح ئەڵێ:

پێش ئەوەی پووشی نێو گلێنەی بەرامبەرەکەت دەرکەیت، ئەو تەڵەزمەی ناو چاوی خۆت دەربێنە".

بەڵێ ئەو خۆشەویستیو عیشقەی لەهونەردا هەمە لەسەر شانۆ ئەتوانم یـاری لەگـەڵ بکـەمو دەسـتەوملانی بم.. جگـە لـەوە خالێکی تریش هەیە، من ئاکتەرم – نوێنیار – نەشم بیستووە ئاکتەر دەرهێنەر هەڵبژێرێ هەر دەرهێنەر ئەو بڕیارەی داوە.. دیارە گەر بەڕاستی دەرهێنەر بێ نەك بکەوێتە ژێر کاریگەری ئاکتەرێکەوە بۆئەوەی رێی بەشداری کردنی ئاکتەرێکی تری لێ بگرێ.. دواجار ئەوەندەی ئەمبینن لەپەلو پۆ نەکەوتووم، ئەو خانەنشینیەشم پەیوەندی نە بەداوای خۆمو نەبە نەخۆشـیو نە بەتەمەنمەوە بووە، بڕیارێك بـوو لەئـەنجامی چـەند ڕاپۆرتێکـەوە بـوو! لەبەرئـەوە پـەکم نەکـەوتووەو نـە کـەس لـەخۆم بەبچوکتر ئەزانمو نە خۆشم بەگەورەتر.. نە زمانم لەگۆ کەوتووەو نە عەقڵیشم سـست بـووەو ئەمـسەرو ئەوسـەری هاوکێـشە لەیەك جیا ئەکەمەوەو نە بەرێکەوتیش هاتوومەتە نـاو هونـەرەوەو رەنگـەکان بـەپاکی ئـەبینمو خۆشەویـستی تاکـە ئـاواتو ئامانجمــەو لــەرەفتارو هەڵوێـستەکانمو دەمــو دەسـدا دیـارە بانگەشــە بــۆ خۆشەویــستییەك ناکــەمو لەژیانمـدا سـوکایەتی بەخۆشەویستیو ژنو ئافرەتەوە بکـەمو پێـچەوانەی هەناسـەکانم بم.. حملـەی انتخـابیش ناکـەم. هـەرگیز.. هەمیـشە خـۆم خۆممو درۆ ناکەم.. کەسێ دووانی خۆش بوێ.. یان کەسی خۆش ناوێ یان درۆ لەگەڵ هەردوکیان ئـەکات. بمبـورن درێـژەم پێ دا.. کەدیار نیم تەمەڵی خۆم نیە، بەرامبەر نامبینێ یـان چـاوی پـێم هەڵنایـەو چـیخۆف ئـەڵێ: "کاروانەکـە دەڕواو .. " ئەمەشیان گرفتی من نیە!!.

* لەزۆرێك لەو هاوڕێیانەی کەنەوەی تـۆ بـوون لـەکاری هونەریـدا، تـۆ یـەکێك بوویـت لەوانـەی کـەخۆتت پاراسـت لـەدرامای تەلەفزیۆنی، دەکرێت هۆکاری ئیش نەکردی تۆ لەو درامایانەدا بزانین؟

ئازاد جەلال: بابەتو شێوازی بەرهەمهێنانیانە، لایەنی هونەری ئەو بەرهەمانە بووە کەپێشتر منیـان نەوروژانـدووە. کەئـەڵێم لایەنی هونـەری، هـەمووی ئەگرێتـەوە، داڕشـتن، دیـالۆگ، کارکتـەرەکانو پەیوەندیـەکانیان، ئەمانـە لـەکاتی خوێندنـەوەی بەرهەمەکەدا.. و پاشان ترسیشم لەستافەکە.. کەبەداخەوە، هەندێ جـار کەسـان دەهێـنن توانـای لەبـەرکردنیان نیـە، یـان نازانن بۆ لەو بەرهەمەدان.. زۆر شتی تر..

لەم وەزعەی ئێمەدا قبوڵ نەکردنی رەخنەو سەرنج لەسەر بەرهەمەکان کارێکی وای کردووە هونەری درامـا بەشانۆکەشـەوە، لەجێی خۆی دا بخولێتەوەو هەنگاو نەنێو بکەوینـەوە دووبارەکردنـەوە، پێـشتر وتم" کـەس لەکـەس رازی نیـەو هـەر کەسـە لەکاری خۆی رازییە بەهەموو کەموکوڕیەکیشەوە. نەك هەر ئەوەندە بەڵکو ئەکەوێتە سەرو پۆتەڵاکی بەرهەمی برادەرەکەی.. بەڕای من ئەوەی کەهەر بەرهەمی خۆی بەباش ئەزانێو هی ئەوانی تر بەلاواز ئەزانێ، بەهیچ جۆرێك نازانێ بەرهەمی هونەری هەڵسەنگێنێ.

هەندێ هۆی تر هەن.. تۆ بڵێی، ئەگەر ئەو هۆیانە بڵێم، برادەرەکانم بەڕۆحی ریازی وەریبگـرن! بێگومـان نـەخێر! مـن پـێم سەیرە، هەموومان کەمو زۆر، رەنگە ئاگاداری چاوپێکەوتنەکانی هونەرمەنـدانی دنیـا بـین، چ بەخوێندنـەوە یـان بـەبینیان، کەچۆن راستەوخۆ رەخنە ئەگرنو سەرنجی خۆیان ئاشکرا ئەکەن، بـەڵام کەسـیان سـبەینێ ئێخـەی رەخنـەگر یـان خـاوەن سەرنج ناگرێو نەلێشی زیز ئەبێ.. من تێ ناگەم.. ئێمە چیمان کردووەو چیمان پێشکەش کردووە تا ئەوەندە لەخۆمان بایی بین. یان دیارە لەوڵاتانی دەرەوە نەگازینۆی (مچکۆ) و نە (شەعب) و نەحیزبایەتیش هەیە.

من خۆم لەدرامای تەلەفزیۆنی نەپاراستووە بەڵکە لەجۆرێك لەجۆرەکانیان خۆم پاراستووە.. بۆ نموونـە ئـەوەتا لەبەرهـەمی نوێی کوردسـتاتو کەنوسـینی کـاك کـاوەی ئەحمـەد میرزایـەو دەرهێنـانی کـاك بـەکر رەشـیدە.. بەشـداری (وەسـێتنامە)م کردووە.. ناشمەوێ لەو بارەیەوە پێش بکەوم.

ئاخر ئازیزم من چۆن بەشداری بکەم.. سەیرە داوای غار غارێن لەکەسێك بکەیتو ئەسپ لـەرێکی بـدەیتێ لەگەورێکـدا داوای غاری لێ بکەیت!.

تۆ گەر ئەو کەسە بەسوارچاك دەزانی دەبێ ئەسپو گۆڕەپانی گونجاویشی بۆ دابین بکەیت.. من ناتوانم هونەرەکەم هەرزان فرۆش بکەم هێنـدەم خـۆش دەوێ حـەزم ناکـەم هـەراجی بکـەمو ناشمـەوێ کـاتێکی زۆرو لەبەرهـەمی بـەژمارە زۆردا بێمـە بەرچاوی ئەو بینەرانەی کەدەمەوێ بەئیشی جوانو بەرهەمی جوان رووبەڕوویان ببمەوە.. ناکرێ من هەر حەزم لەدەرکـەوتن بێ بەڵکو ئەبێ رێز بۆ بەرامبەریشم دابنێم لەکاتێکدا بەرهەمی پێشکەش بکـەم.. گـەر ئێمـە لەشاشـەیەکەوە ببینـە میـوانی ماڵانی ئەو خەڵکە جوانە، با دیاریەکەمان شایستەی رووخساریان بێ.

مانگ پرشنگی بەهەموو دنیا ئەبەخشێ بەڵام کێ ئەتوانێ رۆحی خۆی بۆ بکاتـە (کـانی( رەنگدانـەوەی تریفـەی ئـەو مانگـەو بیکاتە شیعر! وشەی خۆشەویستی هەموومان ئەیلێین، بەڵام کێمان (خۆشەویستی) خۆش ئەوێ، گەر باوەڕمان بـەو هـەموو خۆشەویستییە هەبێت کە لەرۆژنامەو گۆڤارو راگەیاندنەکاندا بڵاوئەکرێنـەوەو ئـەیانلێین، دەبوایـە ئێـستا هـەموو بەپێکـەنین یەکتریمان بدواندایە، کەچی هەندێك هەیە هەر سڵاویشی لەدەست نایـەت.. لەکۆتاییـدا ئـیش نـەکردنم پەیوەنـدی بەلایەنـە هونەریەکانی بەرهەمەکەوەیەو هەقی خۆشمە بڕیاری لەسەر بدەم نەك لەبەر ئەوەی خۆم لەوە بەگەورەتر بزانم.. هەرگیز.

*بەدەر لەکاری هونەریش تۆ لەماوەی رابوردودا کەمترین تێکەڵاویت هەبووە لەگەڵ کاری رێکخراوەیـی هونەریـدا، ئایـا پێـت وایە رێکخراوە هونەریەکان خزمەتیان بەڕەوتی هونەری ئێمە کردووە؟

ئازاد جـەلال: پـێم وا نیـە، گـەر لـەناو رێکخراوێکـی هونەریـدا بێـت مانـای وابـێ هونەرمەنـدیت، هـەرگیز، ئەمـەیان رێك لـەو بەڕێوەبەرو بەرپرسانەی ناو دامو دەزگا هونەریەو رۆشنبیرییەکان دەچێت کەخۆیان هیچ پەیوەندیەکیان نـەدوورو نـە نزیـك

بەهونەرو دنیای هونەرو رۆشنبیرییەوە نیەو هونەرمەندیش نین، رەنگە بتوانم بڵێم کەهەرگیز بەدواداچوونو بینینیشیان نیە، بەڵام ئیتر ئەڵێی چی لەگەڵ سیستمێکدا کە کەسەکان لەسەر ئەساسی ناسیاویو میزاج دائەنرێن لەو شوێنەدا کەهی خۆیان نیە.

من رێزم هەیە بۆ رێکخراوە هونەریەکان، بەڵام شەرمیش ئەمگرێ کەهەندێ کەس لەو شوێنانەدا هەر بەژمارە ئەندامن.
من لەدەرەوەی ئەو رێکخراوانەوە کاری خۆم ئەکەمو رەنگە یەکێتی هونەرمەندان لەپێش زۆر کەسەوە بەرێکخراوی خۆم بزانم چونکە وەفای ئەوەم تیایە کە لەدروست بوونیەوە تیایدا ئەندام بووم، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کەرەخنەم نەبێ، بەتایبەتی کەمن ئەو ئەندامە دێرینەی بووم، لەو کێشەیەمدا لەوەزارەتی رۆشنبیری، هیچ بەرگریەکیان نەکرد لێم.. بەهەرحاڵ ئەمە زۆر هەڵئەگرێ کاتی خۆی دێت.
رێکخراوی خۆمە چونکە ژمارەیەکی دیاریکراو ئازیزو خۆشەویستم لەوێدان، بەڵام کەم سەردان ئەکەمو تێکەڵ ئەبم تا ئەو خەمانەی هەمن زیاتر نەبن‌و خەریکی کاری هونەری خۆم ببم، رەنگە بڵێن هەر ئەو دووریەیە کەتائێستا خەڵاتی ساڵانەی هونەری بەمن نەبەخشراوە، هەر لەخەڵاتی بابانەوە تائێستا.. لەهەمووی سەیرتر تەلەبەکانم وەریان گرتووە پیرۆزیان بێت کەچی بۆ من پەردەپۆش کراوەو یەکێتی هونەرمەندانیش، کەئێستا ناوی رێکخراوی هونەرمەندانە فزەی لێوە نەهاتووە. و وا ئەزانن لەو بێدەنگییە تێناگەم.
جا ئەگەر رێکخراوە هونەریەکان خزمەتیان بەرەوتی ئێمەو هونەرمەند نەکردبێ ئەوەی لەهونەردا رەسەن بێ بەبێ ئەوەش ئەتوانێ چالاك بێتو بە بەرهەم بێت.. کاتێ ئێمەو هونەر هەبووین رێکخراوە هونەریەکانی ئێستا بوونیان نەبووە ! کەسانیش هەن لەرێکخراوەدا گەر ئێمە نەبین نابنە ئەو کەسو ناوانەی ئێستا هەن.. هونەر لەسەر شانۆو بە بەرهەمەوەیە نەك کۆبوونەوەو شتی لەو بابەتە.. چ لێرەو چ لەوێ!.

*بینەرێکی باشی فیلمی سینەماییت، چەند ئەزمونێکیشت لەنواندندا هەیە لەسینەمادا. پێتوایە وەك ئەکتەر زیاتر لەشانۆدا دەتوانێت کاریگەربیت یان لەسینەمادا؟
ئازاد جەلال: سەرەتا حەزئەکەم ئەوە رونبکەمەوە، ئەزموونی من هەریەك فیلمی درێژو یەك کورتە فیلم، پێموایە ئەزمونیش بەوەندە نابێتە وانەو ناشمەوێ قەناعەت بەخۆم بکەم کە ئەزمونم هەیە، چونکە هەمیشە حەزمکردووە بزانم لەکوێدا وەستاوم و با لەخۆشم بایی نەبم.. فیلمی (زام) و کورتە فیلمی (زیندانی ژمارە 13).
بۆ وەڵامی پرسیارەکەی جەنابیشت موتابەعەی فیلمی سینەماییم زۆر ئەکرد. بەڵێ ئەوە ماوەیەك پێش ئێستا کە کارەبا باشبوو شەو رۆژی شەش سەعات یان زیاتر هەبوو.. بەڵام ئێستا کە زۆر بەشەو دوو سەعات بەشەقە شەق هەیە کەمتر فیلم ئەبینم چونکە کارەباکە بەشی بینینی فیلمێك ناکات (!!) لەبەر ئەوەی بەهەندێ بەرهەمی لاواز (میزاجی کوردەواریم تێك نەچێ).
پەنا ئەبەمە بەر فیلمی سینەمایی و (mbc)یەکان ماڵیان ئاوابێ ئاگاداریمان ئەکەن و منیش بەوردی تەماشایان ئەکەم، دیارە هەموو فیلمێکیش نا کە لای خۆمان بۆمان نەکرێ، بەردەوام، هونەرو بەرهەمی جوانبینین، با لەفیلمێکدا ئارەزوومان بشکێنێن بۆ کاریگەری منیش لەشانۆ یان لەسینەمادا.. من واناڵێم.. من ئەڵێم، ئەو خۆشەویستی و عیشقەی هەمە، گەر فرسەتم بدرێتی زیاتر لەشانۆدا حەز ئەکەم دەستەوملانیم، کاتێ لەسەر شانۆ یاری ئەکەم، ئاوێتە ئەبم وا ئەزانم لەهەموو شتێك، لەقسەی ناخۆشی خەڵك، لەدرۆێ هەندێ کەس، بەناو هونەرمەند، لەبێزاری و تاڵی و سوێری ژیان پاك ئەبمەوە، وا ئەزانم لەباوەشی خۆشەویستیەکی بێگەردا ئەبم، ئەو خۆشەویستیەی کە خۆم ئەزانم چ مانایەك ئەبەخشێ تەنها لەلای خۆم. لەسەر شانۆ پەیوەندیەکان حەقیقین، من وای ئەبینم، کارکتەرەکان لەسەر شانۆ، کاتێ لەگەڵیاندا ئەژیم هەر ئەوانن کە راستە ئەکەن و درۆ ناکەن و لەناخی حەقیقی خۆیاندا مامەڵە لەگەڵ یەکتر ئەکەین.. چونکە نواندن، ئەو نواندنەی ژیان،

تـەنها لەسـەر شـانۆ نـاكرێ و ئاكتـەرەكان — نوێنیارەكـان— راسـتگۆیانەو دروسـت .. ژیـان و پـەیوەنـدیو خۆشەویـستیو دژەكانیان بەجەسته ئەكەن، تەنها سەر شانۆ، جێی راستیەكانه وەكو خۆی. باوەشەكان گەرمن وەكو خۆیان، تورەبونەكان و هەڵچوون و داچوونەكان دەرهاویشتەی هەست و بیرو بۆچون و ئارەزووە راستەكانی — كاراكتەر— كەسایەتیە شانۆییەكانن وەك خۆیان بێ رتووش.. بەپێچەوانەی ژیانـەوە كـە هـەموو دەوروبـەرو كەسـەكان بەدەمامكـەوە ئاوێتـە ئـەبن، ئەتـدوێنن، مامەڵەت لەگەڵ ئەكەن. لەسەر شانۆ یەك روخسارەو گەر دوانیش بن، هەردوكیان ئاشكران یان دواجار ئاشكرا ئـەبن.. بـەڵام روخسارە دەمامكدارەدانی ناو ژیان.. دەمرێت و ئاشكرا نابن .. (یاگۆ) هەر یاگۆیەو (نۆرا) هەر نوراو (ژولێت) هـەر ژولێـت و كە دەبینە یەكیك لەوانە راست خۆیان ئەبینن. ئێمە لەسەر شانۆ پاك ئەبینەوە، بەڵام لەژیاندا نوندان، تەمسیل لەگەڵ یـەك ئەكەین روویەكیتر نیشانی یەكتر ئەدەین، ئەگەر ئێمەی هونەرمەندان ئاوابین، ئاسـتی هونـەریش دڵنیابەیـەك قـولانج ناچـێتە پێشەوەو ئەو خۆشەویستیەی بۆ نواندن هەمە یەكەمجار بۆ شانۆیە ئینجا بۆسینەماو..

*لەماوی رابردوودا دوو فیـستیڤاڵی شـانۆیی لەسـلێمانی سـازكرا، تـۆ ئامـادەبوونێكی بـەردەوامت هـەبووە، دەكرێـت بـزانین بەشێوەیەكی گشتی بۆچونت لەسەر (بەرهەمەكان، ئیداریاتی فیستیڤاڵ، توانای ئەكتەرەو دەرهێنان، چۆن بوو؟

ئازاد جەلال: فیستیڤاڵی یەكەم، فیستیڤاڵی شانۆی سـالار، لەبـەر بـاری تەندروسـتیم، تـەنها دوو بەرهـەمیم بینـی، ئیـدارەی فیستیڤاڵەكە هەر لەگەڵ كردنەوەیدا دەركەوتبوو، كە ناهەقیكراوە، من لەوێ نەبووم لەرێی رۆژنامەوە ئاگاداری سـەرەتاكەی بوومەوە، هەر بەم بۆنەیەوە با ئیتر لەهیچ شتێ بێدەنگ نەبم.. بەراستی هەرگیز بەبیرمدا نەئەهات كـاكم ئەحمـەد سـالاریش ئەو ناهەقیە لەگەل ٚمندا بكات.؟ نازانم ئەو خەڵات و رێزلێنانە هی برادەرێتیبوو یان ئاستی هونەری، ئەگەر یەكەمیان بووبـێ دیارە ویستویەتی بۆم بسەلمێنێ كە هاورێی دێرینی نەبووم كـە ئەمـە یـان هـەقی خۆیـەتی خـۆ ئەگـەر هـاورێی كـاركردنیش نەبووبین، پێم وایە لەبیرێتی لەسـالی $1973$ەوە بـەدواوە راسـتەخۆ لـەتیپی پێـشرەوی شـانۆی كوردیـدا كارمـان كـردووەو بەتایبەتی بەرێزیان ئەزانن لەشانۆیی (رەجەب و پیاوخۆران) دا گەر من فریـای نەكەوتمایـە ئـەو شـانۆیەی لـەكاتی خۆشـیدا نمایش نەدەكرا، چونكە برادەرێك شەوێك پێش نمایش وازی لەدەورەكەی خۆی هێناو من ئەو ئەركەم خـستە ئەسـتۆی خـۆم (حاجی سەلیم زرار ئاغا) كە دەورەی سەرەكیش بوو. ئەگەر خەڵات و رێ.لێنانەكەش بۆ ئاستی هونەری بووبێ. گەر لەخۆی بپرسە، ئەزانێ ئاستی هونەریم چۆن و چەندە.. خۆ گەر بڵـێ بۆ فیستیڤاڵی داهاتوو هەر وەكـو ئـەوەی سـالانەی رۆشـنبیری لای خۆمانە، ساڵ بەساڵ دواخرا تا خۆیان لـێ بێدەنگ كرد. بەهەر حاڵ بەرێزیان تەنانەت بەتەلەفزیۆنیش ئاگاداری نـەكردم و دەعوەتی نەكردم، من دەعوەت كردنم بەلاوە گرنگ نیە بەمەرجێ بۆ بەرپرسەكانیش نەنێردرابێ كە من تـەنها خـۆم لـەوان بەبچوكتر نازانم.

داوای لێبوردن لەخوێنەران ئەكەم، كە ئەو باسەم گێرایەوە، بەڵام حەزم كرد بزانن كە ئێمـەی هونەرمەنـدان لـەناو خۆمانـدا، هەندێكمان چۆنین و چۆن یەكتر بەسەر ئەكەینەوە.. جا گەر كاك ئەحمەد حسابی هاورێی دێرینی بـۆ نـەكردم ئـەوا مـن لـەم رۆژنامەیەوە پێی را ئەگەیەنم كـە هەمیـشە بـرای گـەورەو هـاورێی ئازیزمـەو بـۆ توانـای هونەریـشم تەختـەی شـانۆ سـەنگی مەحەكە.

ئەوەی لەم فیستیڤاڵەدا سەرنجی راكێشام، بەدڵخۆشییەوە لەش ساغی و گورِوتینی كـاك ئەحمـەد بـوو، هەرچـەندە لـەرووی دەرهێنانەوە، دەستو پەنجەی دەرهێنانم نەبینی.

فیستیڤاڵی رۆشـنبیری، خۆشـبەختانە ئەمیـشیان هـەر بـەبێ دەعـوەت و ئاگـادار كردنـەوە هـەموو بەرهەمـەكانم بینـی. لـەو فیستیڤاڵەدا هەندێ نوێنەر یان ئەكتەری نوێی لاومان بینی كە دەكرێ خزمەتیان بكرێ و ببنە رۆشنگەری شـانۆی كـوردی.. گولەجوانەكانی (گەرانەوەی دەمامك) و نەوشیروان غەریب و دادە سەرگوڵ حسین و رزگار رەحمان، و كارۆ ساماڵ و كۆچـەر و .. ئەمانە هەندێ خورپەیان وەك چرۆو گورێكی ناسكی نواند لەمندا بزواند.. ئەوانەش گەر خۆیان مانـدوو نەكـەن پێموایـە

وەك هەندێ کەسی ئێستا هەر لەقاڵبی خۆیاندا ئەمنێننەوەو هەر لێرەوە بەو بەرێزانە ئەڵێم کە وریابن وەك هەندێ هونەرمەندی پێش خۆیان لەئێستاوە نەبنە مامۆستاو لەخۆیان بایی نەبن کە دڵنیام ئەو رەوشتە لەواندا نیە.. کەسێك بوارێك بۆخۆی هەڵبژێرىو پێموا نیە بەنەخۆشی لەخۆبایی بوون لەدەستخۆی بدات. خۆگەر زەمینەی کارکردن و کاتی ئیشکردن لەبەر دەستا زۆر تر بوونایە کارەکان لەوە باشتر ئەبوون. چونکە تا پرۆڤە کردن زۆر بێت بواری شیکردنەوەو توێژینەوەو وردکردنەوەی بەرهەمەکە زۆرت ئەبن و نوێنیارەکانیش کارامەتر ئەبن لەنواندنەکەیاندا، خۆ ئەگەر بەرهەمێك یان نوێنەرێك یان دوا لەفیستیڤاڵێکدا لەئاستی گونجاودا نەبووبن ئەوەش ناکاتە مردن..

چونکە کەوتن هەرگیز مردن و کوژانەوە نیە، بەڵکو ئارەزووی هەستانەوەیەکی جوانترە. بەرەو رووبونەوەیەکی گەشترە. دەستخۆشیان لێدەکەم و لەدەرهێنەرەکانیشیان.. بەڵام دابەشکردنی خەڵاتەکانیش، پیرۆزبایی لەو بەرێزانەی وەریانگرت، من هەقم بەشەن و کەو کرنەکەی لیژنەکەوە نیە تەنها پرسیار ئەکەم، بۆ دەرهێنەرەکان حسابیان بۆ نەکرا؟ خۆ فیستیڤاڵەکە فیستیڤاڵی شانۆ بوو نەك تەنها نواندن؟ بەهەرحاڵ ئەوە ویژدانی لیژنەکە لێی بەرپرسیارە. ئەگینا وەڵامی ئەو حاڵەتە هەر بەوشەی (فۆرم) کۆتایی نایەت، بۆ ئەوەی فیستیڤاڵەکان جوان و بەردەوام بن با رێز لەهەموو لایەنەکانی تر بگیرێ و حسابیان بۆ بکرێ. خۆزگە ئەو شێوازی هەڵسەنگاندنە دووبارە نە ئەبۆوە.. خۆزگە!.

دواجار ئومێدمە فیستیڤاڵ بۆ ژمارەو ئەرشیف دروستکردنی نەبێ، چونکە ئەوە نەخۆشیەکی کۆنبوو، کە دڵنیام بەرێوەبەرێتی هونەری شانۆ ئارەزووی گەورەتری هەیەو ئاواتە خوازم بارگەی زیاترو گورپوتینی زیاتر بەو سروتە پیرۆزە بدرێ و چاویان ماچ ئەکەم.

*: تەمەنێکی دیارت لەشانۆو بەسەرهاتی هونەری و دنیایەك کێشەو ململانێی هەمە جۆر بەسەر برد، ئایا بیرت لەوە نەکردۆتەوە ئەزمونی ژیانی خۆت بنوسیتەوەو بڵاوی بکەیتەوە؟ کە ئەمە یەکێکە لەتایبەتمەندی هونەرمەندان و رۆشنبیرانی دونیا؟

ئازاد جەلال: کەی منیش بوومە یەکێك لەهونەرمەندانی میسر یان ئێران یان سوریا و لەباشوری کوردستانەوە دەعوەت کرام و فەرشی سوریان بۆ داخستم وەك ئەوان پێشوازیم لێکرا، یان کەی بوومە هونەرمەندێکی دنیا، وەعدت ئەدەمێ ئەوا داوایەت بهێنمە دی، بەڵام ئێستا تا ئەوانەی ئەو دوورە دەستاتنە هەبن کێ گوێ لەئێمە ئەگرێ. ئەوان لەئێمە زیاتر خەمی ئەم وڵاتەیان خواردووەو دەردەسەریان بۆ کوردو کوردستان چێشتووەو هەموویان پێشمەرگەی ئەم ئازادییە بون، جارێ قابیلی ئەوانەو (پادار بگرەو بێ پا ماڵی خۆمانە)و (منداڵ تانەگرێ دایکی شیری ناداتێ) دروشمی خەمخۆرەکانمان .. بەخێرێ.